سەرۆک کۆمار جەختدەکاتەوە لەو ڕووە گرنگەی کە پزیشکان لە خزمەتکردنی کۆمەڵدا دەیگێڕن

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ دووشەممە، جەختیکردەوە لەو ڕووە گرنگەی کە پزیشکان لە خزمەتکردنی کۆمەڵدا دەیگێڕن.

سەرکایەتی کۆمار لەگەڵ ئەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە،بەاویکردەوە"سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، پەشوازیکرد لە وەفدێکی سەندیکای پزیشکانی عێراق بە سەرکایەتی دکتۆر حەسەن سەفا شەبر سەرۆکی سەندیکای پزیشکان.

وتیشی لە کۆبوونەوەکدا کە ئەمڕۆ دووشەممە 28-4-2025 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو ، باس لە دەخی کەرتی تەندروستی وڵات و چۆنیەتی پشتیوانی و پەرەپێدانی کرا بە ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانە دروست بکات کە پێشکەش بە هاووڵاتیان بکرێت.

هەر لە کۆبوونەوەکدا باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم کارمەندانی پزیشکی و ئەو هەوڵانە کرا کە بە پەرەپێدانی کارایی و باشترکردنی ژینگەی کارکردن دەنرێت بەیان.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لەو ڕووە گرنگەی کە پزیشکان لە خزمەتکردنی کۆمەڵدا دەیگێڕن، دوپاتیشی کردەوە لەسەر پێویستی پشکشکردنی پشتیوانی تەواو تا بتوانن ئەرکە مرۆیی و پیشەییەکانیان بە تەواوی ئەنجام بدەن.

سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی لە هێبژاردنی دکتۆر حەسەن سەفا شەبر کرد وەک یاریدەدەری سکرتێری گشتی یەکێتی پزیشکانی عەرەبی و سەرۆکی لیژنەی یاسایی، هەروەها هێبژاردنی دکتۆر ئەکرەم خەزرەجی وەک ئەندامی لیژنەکانی فریاگوزاری و کۆمەڵە پزیشکە عەرەبییەکان، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمە توانای لەهاتوویی عێراق پشتڕاست دەکاتەوە بە نیشاندانی کاریگەری خێیان لە مەکەی عەرەبی و نێودەوڵەتیدا.

لای خۆیەوە دکتۆر حەسەن سەفا شەبر سوپاس و پێزانینی خۆی بە سەرۆک کۆمار دەربڕی بە بەردەوامی پاڵپشتیکردنی بە کەرتی پزیشکی، جەختی لەسەر پابەندبوونی سەندیکا کردەوە بە هاریکاریکردنی هەموو لایەنە پێیوەندیدارەکان بە پێشخستنی کەرتی تەندروستی لە عێراق.